السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# دوو مردارەوە بوو ودوو خوێنتان بۆ حەڵاڵکراوە، دوو مردارەوە بووەکە: ماسی وکولە، دوو خوێنەکە: جگەر وسپڵ

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «دوو مردارەوە بوو ودوو خوێنتان بۆ حەڵاڵکراوە، دوو مردارەوە بووەکە: کولە وماسی، دوو خوێنەکە: جگەر وسپڵ.».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی حوکمێکی شەرعی دەکات کە پەیوەندی بە حەڵاڵی خواردنی هەندێک شتەوە هەیە: 1/ حەڵاڵی خواردنی مردارەوە بووی کولە وماسی (مەبەست لە ماسی هەر ئاژەڵێکی دەریاییە کە لە نێو دەریادا دەژێت، واتە: مردارەوە بووی ئاژەڵی دەریایی وئەوانەی لە نێو ئاودا دەژین حەڵاڵە، وەکو: ماسی بە هەموو جۆرەکانیەوە [ماسی ونەهەنگ وقرش] وقرژاڵ وڕوبیان وجگە لەمانە). 2/ حەڵاڵ بوونی خواردنی دوو خوێن ئەوانیش بریتین لە: جگەر وسپڵ. ئەم دوو حوکمە تایبەتکراون بە حەڵاڵکردن لە نێو حەرامکراوەکانی مردارەوە بوو وخوێنەکان.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8362

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY

لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee